# لە دایکبوونی کیانووش و چەند سەرنجێك!

دوێنێ رۆژی لەدایکبوون بوو، لەدایکبوونی مرۆڤێك کە وەك زۆر کەسی دیکە، مژدەی تامەزرۆبوون بۆ ئازادی و مژدەی پچڕاندنی هەمیشەیی زنجیرەکانی کوێلەبوونی بە گوێی ژیان دا. بەپشکووتنی ئەم گوڵە، مرۆڤبوون و بەرزبوونی بەها مرۆییەکان، میدالیایەکیتری شانازی لەبەرۆکی دا. لەدایکبوونێك کە هێمایە بۆ مردن لەپێناوی ژیان، هێمایە بۆ تێگەیشتن لە پیرۆزبوونی مرۆڤ و هێمایە بۆ پیرۆزییەتی خەبات و رانەوەستانی بەردەوام.

دوێنێ رۆژی لەدایکبوونی کیانووشی ئاسا بوو. ئەو خوێندکارە گەنجەی کە خوێندن و زانستگا و سەرجەمی ئەزموونەکانی زانستی کردە بەستێن بۆ تێگەیشتن لە واقعییەتی تاڵی ژیان لە ئێران، وەك زۆر هاوشێوەی خوێ هەموو ئازار و خولیا و ئاواتەکانی کردە هاوار بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئیستبداد و سەرەڕۆیی و تەنانەت بە شەهیدبوونیشی دەنگی سەرکەوتن و ئومێد بە داهاتووی کردە مەیدانێکی دیکە بۆ ئومێدو هیوا و تۆقاندنی حاکمانی ملهوڕ و زاڵمی ئێران.

رۆژی سێشەممە، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ هاوپۆل و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کیانووش لە زانستگای عیلم و سەنعەتی تاران لەدایکبوونی کیانووشیان بەرز نرخاند، مۆمیان هەڵگیرساند و سرووودی یاری دەبستانیان وتەوە. پۆل پۆل بەرەوە ئەو پارکەی کە هەر بەناوی ئەو شەهیدە ناونراوە، وەڕێکەوتن‌و بە دروشمەکانیان بەڵێنی بەردەوامبوونی رێگای هاوڕێکەیان دووبارەکردەوە.

دەسەڵاتداران تەنانەت لە رێوەڕسمی رۆژی لەدایکبوونیش دەترسن، لە هەڵکردنی مۆم دەترسن و تەنانەت لە یادەوەرییەکانیش دەترسن. ئەواتا هەر لە دوای کۆبوونەوەی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی شەهید کیانووش، ترساو و تۆقاو بڵاوە بە خوێندکاران دەکەن و هەڕەشەی لێپێچینەوە و لێپرسینەوە دەکەن.

رێوڕەسمی دوێنێی لەدایکبوونی کیانووش ئاسا تەنیا بەرزراگرتنی لەدایکبوونی شەهید نەبوو، بەڵکوو هەڵگری پەیام و مەسجێکی بەهێزیش بۆ دەسەڵات بوو. ئەو پەیامەی کە بزووتنەوەی ٩ مانگی رابردووی ئێران، کە بە خوێنی کیانووش و سەدان کەسی دیکەی وەك کیانووش بەرهەم هات، نەمردووە، زیندووە و لە دەرفەت دەگەڕێ. لە دەرفەت بۆ چوونە ناو قۆناغێکی دیکە لە رێگەی پیرۆزی کیانوش و کیانووشەکان، لە دەرفەتێك بۆ سەرخستنی ئاوات و ئارەزووە ئینسانییەکان و لە دەرفەتێك بۆ نمایشتکردنی شانۆیەکی شکۆدار لە چەندین مانگ ئەزموون و بەرخۆدان.

بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی کۆمەڵگا سەرەڕای هەموو کەوتن و هەستانەوەکان، سەرەڕای هەموو ماندوبوون و هەزینەکان، ئەمجارەیان بەهێزتر لە هەمیشە سەرهەڵدێنێتەوە و بەکردەوە پرۆسەی سیاسیی ئێران دەباتە قۆناغی هەرەسهێنان و رووخانی سیستمی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر ئێران. بەرزراگرتنی یادی کیانووش و گرتن و هەڕەشە پەیتا پەیتاکانی دەسەڵات لەم رۆژانەدا، سەرجەمیان هێمان بۆ هاتنی ئەو واقعیەتە، هێمان بۆ کوڵ و کەفی کۆمەڵگا و هێمان بۆ هاتنی وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان.

لە ساڵرۆژی لە دایکبوونی شەهید کیانووشی ئاسا، سەری رێز و نەوازش دادەنوێنین بۆ یادی ئازیزی ئەم شەهیدە سەربەرزە، بۆ یادی ئەم سمبوولەی ئەم قۆناغەی خەباتی ئازادیخوازی و ئەم سمبولە تازەی خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ماف و خواستە رەواکانی.